KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18-5-2007 23:22

## خانمەکەم.. وەزیری شارەوانی ... بێستون محمدساڵح مستەفا

بەڕێز وەزیرە خانم... مانشێت و بەدوادا چونی نیشتمان نێتی ئازیزم دەربارەی وەزارەتەکەی بەڕێزتان خوێندەوە... گلەیی ڕاوێژکارو بەڕێوەبەرو فەرمانبەرو هاولاتیان جێگەی هەڵوێستەیە.. وەزارەتێك لەزەمانی عوسمانلیەوە تا ئێستا بوونی هەبی، کەی ڕەوایە قۆرخی دەسەڵات تا ئەو ئەندازەیەی کار بگاتە ئەوەی کارمەندەکان لەئاستێکی ئاوها بەرزدا "9-8" مانگ ئاگاداری ووردەکاری وەزارەتەکەی نەبی، نەبینی، سەر بێشی، فکرە چی بی، بیرکردنەوە چی بی، بەرنامە چۆن بی، ئیمزایەك بەدوو هەفتە، بینینێك بەرەچەتەی شەخسی بەئاسانی، بەرەچەتەی کاری ڕۆژانە گەر ناو وەزارەت بی پاش چەند کاتژمێرێك، گەر دەرەوەی وەزارەت بی بە هەفتەو، گەر ڕۆژنامە نووس بی خۆ بەخۆ بڵێن خۆمان وەڵام دەدەینەوە ... گەر مەبەست پەك خستنی چۆنیەتی بەرنامەو کاری کابینەی نوی یە هەق وایە بەدواداچوون هەبی بۆ؟ دەنا جێگری وەزیران سەردانی کردن چ کێشەیەك هەبوو بۆ نەخستە ڕوو؟ گازندە بکردایە، هۆکاری موعتەبەر بوروژانایە، نەك کار بەو ئاستە بگات کە ئێستا گەیشتووە ...

خۆ گەر موشکیلەت ئەوەیە تەسدیقی بەرنامەی وەزارەتەکەت نەکراوە ئەی ڕاوێژکاری یاسایی وەزارەت نیە داوای وەڵام ڕێ و شوێنی پێویست بکا تا ڕۆتین نەگاتە ئەوەی کەئێستا گەیشتووە؟...

ئەمە بیروکراتیەت و مەکتەبیەت نەبی هیچی تر ناگەیەنێت... دەنا، "180" شارەوانی ئا بەم جۆرە مەگەر تەلیسمی سیحریان ئاراستە بکەیت..

خۆ گەر بەقسەت ناکەن، گوناهی خەڵکی دڵسۆز چیە کار گەیشتۆتە ئەوەی لە نانبرین دەترسن ناوێرن بە ئاشکرا ناوی خۆیان بڵێن گلەیت لێبکەن... لێرەدا باشتر وایە دەست لەکار بکێشیتەوە گەر توانای خۆ نەخەیتە گەڕ.. بۆ ڕازیکردنی هاوەڵانی کارو هاولاتیان، گەر لە عەددەمەوە چویتەتە کەشکەلانی فەلەك خەڵکی بەم دەردە دەبەیت، ئەوا ئەنجومەنی وەزیران و بەرلەمان هەقە بەدوادا چون بکەن.. بۆ ڕیشەکێشکردنی بیروکراتیەت و مەکتەبیەت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.